# پیاسەیەك لە بێدەنگیدا

**كرمانج عەلی**
kirmanjali@yahoo.com

ڕووبارێك یاد لەنێوانمان بە خوڕ دەڕوا
تەریب بە یەكتر ڕێ دەبڕین
تۆ بە ئارامی لێم دەڕوانی
منیش بەدوای دۆزینەوەی بوارێك بۆ پەڕینەوە چاو دەگێڕم
پیاسەیەك لە پیاسە ناچێ
لە خوێندنەوەی سورەتەكانی عیشق دەچێ
گوڵم....
ساغكردنەوە، بە ئێوارەیەكی نیشتمان بسپێرە
ئەو دەمەی لەناكاو خۆت دەكەی بە ژوورەكەمدا
لەوێ لە بەرامبەر ڕاچڵەكینی ڕۆح و شكانی ڕۆژووی سوفیانە
خۆت ساغ كەوە
ڕووبار دەڕواو من هەر دەڕۆم
تۆش هەر بە نیگا دەمپێكی
دیسان بێدەنگیە سامناكەكەیە
بێدەنگیت لە سكونی سوفیانەی سەردەمی سلێمانیم دەچێ
هی ئەو كاتانەی كە تۆ دەتویست لە پێكێكدا بۆ ئەبەد بمخۆیتەوە
منیش زاهیدێكی لە وەسڵ ترساوبووم
لەو دیو پەنجەرەی پاسەكان بە دزییەوە بۆت دەگەڕام
لە پیاسەیەكی غەریبیدا
ئاماژەیەك نیە بۆ دیدارێكی تر
بۆ پیاسەیەكی تر
بۆ گەڕانەوەی باڵندە كۆچەرییەكان
دەنگت هەر لە دوورەوە دێ
لەو دیو سنووری كیشوەرەكان
لە چرپەی ئەو پاسارییانە دەچێ كە ئاسمانێكی پڕ لە تەمی چریان بڕیوە
پیاسەیەك لە بێدەنگیدا
نە سەرابەو نە واقیع
تیكهەڵكێشی هەردووكیانە و لە ڕۆحمانا دەگەڕێ